# شاعرێك جیدیەتی دیكارت و قۆشمەجارییی رابلێ لە یەكتر مارە دەكا

**ئەحمەدی مەلا ئامادەی کردووە و شیعرەکانی کردووە بە کوردی**

*پێشکەشە بەو شاعیرەی لە پاریس پێلاوی ژنی بۆ یادگاری کۆ دەکردەوە.*
*ئەحمەدی مەلا*

ژان کلۆد ڤالێنتینی لە ناوەندی مانگی دووی ١٩٤٩، لە شارۆچکەیەکی رۆژهەڵاتی فەرەنسا هاتۆتە دونیاوە و دەیەوەێ بە نووسین جیهان بگۆڕێ. بەتاوێکی دی، لە سەرەتاکانی ١٩٩٠، دەستی کردووە بە نووسین کاتێ بڕیاری دا ببێتە سەر ریحلەی دانیشگاو لە بەشی ئاداب لە دانیشگای فرانش ـ کۆنتێ دەست بەدەوام بکا. دوای پێنج ساچ ماجێستێر بەدەست دێنێ و لە ستاربورگیش، دوای دووساڵ خوێندن بڕوانامەی رۆژنامەوانی بەدەست دەهێنێ.

ـ «شەری بچووک» لە ساڵی ١٩٩٧دا دەنووسێ، دەقی شیعریی و پەخشان دەگرنە خۆ، شێوازەێکی تایبەتی هەیە، لە نێوان جیدیەتێکی دیکارتی و گاڵتەجاریەکی رابلێیی، دژ بە جیهانی ئەمرۆ رادەوەستێ. دژ بە رێگا باوەکانە و لە ئاووهەوایەکی سووکر دەگەڕێ کە ئۆسیژێنێکی زیاتر ببەخشێ بە مرۆڤ. هەروەها
ـ «پەرەسێلکە، سانتیمێترێک لە چرکەیەکدا » دەنووسێ.
ـ "کۆکازوو (coq’hasu)" شانۆ نامەیەکی شیعریە، هەشت جار لە شوێنی جۆراوجۆر هاتووتە سەر تەختەی نواندن.
ـ هەروەها «پرۆزیت» کۆمەڵە شیعرێکی نوێیە، ئامادەیە بۆ چاپ.

دەڵێ سێ ساڵ سەربازیم کردووە و ئەمەش دەخاتە لیستی ئەو کارانەی کە کردوویەتی، هەروەها چەندین ساڵێکیش ئەنیماتۆری کردووە، وەکۆ بارمانیش، لە پشت کاونتارەوە ئیشی کردووە، ئێستەش لای کتێبفرۆشێ کار دەکا.

ژان کلۆد سەر بە نەریت و تەقلیدی «ترۆپادووەرە»، مەبەست لەو شایەرانەیە کە لە چاخەکانی ناوەندا شار و لادێ دەگەڕان و شێعریان دەهۆنیەوە، ئەگەر شایەرانی ئەو کات تەنیا شیعریان بە باڵای شۆخێکا هەڵدەدا، ئەوە ژان کلۆد دەیەوێ هەمووی مرۆڤی هاوچەرخیش فەرامۆش نەکا. بەڵام ئەویش حەز لە گەڕان و سەفەر دەکا. وڵاتانی دەوری حەوزی ناوەڕاست (مێدیترانە) دەناسێ. هەرچەند خەڵکی باکوورە و ئاشنای بارانی بێوچان و زوقمی سەر لەبەیانان و بەفری نەبڕاوەی زستانانە، بەڵام دەڵێ رۆحی لە بەر هەوای دەریای ناوەراست گەورە بووە.

ئەم چەند شیعرانەش لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨ و ٢٠٠٠ نووسراونەتەوە و بە فەرەنسی هێشتا بڵاو نەکراونەتەوە.

## لەزەتی رۆژانە

رۆژ بچنە، دەڵێی زەمەن ماندووە و هەڵوێست دەکا،
لە سەر شوستە گۆشتخوارەکاندا، ئێوارێ، دادەنیشتین.
باسی ژینی شیرینی شەپۆڵداری مالتام بۆ بکە
لەسەر دورگەی سیتێر کە بێ وچان
سەوڵمان بە جووتە گۆرانی دەدا، بەفەر ئەسفەڵت!
دەڕۆم و رۆح سووک، دڵیش بە سیپاڵ پۆشاک.

## لەسووچی شەقام

هەروەکوو باخچەیەکی ژاکاوی ئەو دیو جامخانە،
درک کردنی قوربانی دان کە لە سەر شەقام دەبێتە راوێژ،
شەوقەکان ژنگهەڵدەهێن کە لە سینەدان.
هەتاوێکی تاقانەیە وا لە سووچی شەقامدا
کەس نازانێ کەی و لە کوێ زەردەخەنەیەک
لەو دیو جامخانە بێ ئەرک داناربێ، چاوانت قووڵایی ناکەنە مێوان.
ئاو پەرت و بڵاوەکانیش لە سینە بیرێک هەڵدەکۆڵن.

## دوا ئاماری

لە سەر کاشییە چڵکنەکانیش دا، ڕۆژی پرشینگدار رادەوەستێ
بە بێ ئەوەی چراکانی قاوەخانەکان تووشی کزی بىن.
بێگومان، شتەکان هەروەکوو جاران رادەبوێرن
تەنها، لە نووکی زمان نەبێ، یەکێکی لێیە و ئەویش تۆی!
جیهان لەو پەنجەرەیەوە گەلێ دوورە
سەرنجی ژیان دەدات، جار ناجارێکیش، بێ رووچوون ...
سەرەرای ئەمەش، لە هەموو لایەک جوانییەکی
تێکەڵ و پێکەڵ بەرز دەبێتەوە.

کەناڵێکی مۆر لە نێو چاوانت دا لە شکۆفە دانە
وەکوو سپێدەیەکی والآش بێ ئامانج و وێڵە
بارستایی سەدەیەکیشی لە سەر ئەستۆ
کە هەتاوێکی قووپاوی تیا سەما دەکا

ژیان خۆشەویستیەکی نەمرە خاوەن بنکەیەکی زڵە و
ژیانی مەش بە پارچەیەکی لەڕ و لاواز دەکا و
خەون بە ژیانێکی دییەوە دەبینێ.
بۆ ئەوەی رۆ بچیتە بێدەنگییەوە
کرێکارێک شکاندنی مۆرێکی دژواری شەوانە و
بە باڵی زانستیش داپۆشێ؟
مەسیح! ... هەر چیەک بێ، هەموو موشتەریەک دەیەوێ پارچەیەکی ببا!
هەتاو، هەتاهەتایی، چێژێکی زۆر
بوونەوەرێک هەروەکو بۆ پاشا دانرابێ، مۆری ئەوان.
ئەی دوایی؟ زەمین، هامووشۆی ئەو فیلانەی کە لە فەخفووری دروست کراون؟
بەبازێکی چاپووک و دڵێکی سووکەوە فوارەکەی (١) جێ هێشت.

(....)
بەختیاریەک کە لە نهێنی لۆچێکی قووتاربووی منداڵیی،
بلازۆنی (٢) قوماشی چەرمگ
جارێکی دیش درایە لێویی ئەفسووناوی
بێگومان، راژەدینی گەڵاداران، گیا و لقەدار شاش بوو،
(ئسمان بە بێ گرینگی لەوێیە بۆ بارانیش،
بۆ تەزرەش، بۆ بەفریش ئازادە، یا بێ سوود
مرۆڤیش کە بیەوێ سەرۆکایەتی خۆی بروایێژێنێ و هەمیشەش)
ئەم سەر لە بەیانییە خوناو دەخۆمەوە.

١. (FOIRE): مەبەست لەو ئاهەنگەیە کە کالاو شت و مەکیشی تیا عەرزە دەکرێ و دەفرۆشرێ.
٢. (BALSON) جۆرە نەخشێکە نەجیبزادان بۆ ناسینەوەی خێزانەکانیان هەڵیاندەبژارد و لە بەردەرگاکانیان هەڵیاندەواسی.

## بە رێکەوت، لاستیکی

چ شتێک لە پارچە لاستیکێکی دڕاو کەشخەترە
ئەگەر ئەوە لێکبدەینەوە کە بەدبەختانە تووشی دڕان هات
ئەگینا ژوانێکی دەگمەنی دەدایتێ؟
لەدەرەوەی وەرزان، هەر وەکوو هەموو تەحتیلیەکان
چاوەڕوان نەکراو، بەڵام قەیناکە! ... لە ژێر چارشێوی بۆرهەڵگراو

خۆت بدەرە دەست بەختیاریەوە پێش ئەوەی کۆتایی یەخەت بگرێ.
ڕۆژان ئاوا دەبن، ئەوە گوڵاوە تیژەت هەڵگرە و
خاوو خلیچ کەفاوی تاڵیش بخۆرەوە.

## کوبخی

با ئەو داررچەرزە بهێنینەوە یاد کە بەری قرمزی دەکرد
هەرکاتێ کە بەرەو دەم چوو بەختیاریی تیا دەژاکێ:
دوێنێ! ... لەش ئەفسووناوی، هەر وەکو شەمێ
کە ملکەچی ئاگرە و دەبوورێتەوە و وەکوو کۆتەرەی لێ دەێ.
بەرابواردنی کاتیش، تەنها ختمێکی بەنەوشەیی بۆنداریشی لێ دەمێنێتەوە.